ZAGROS WEBSITE

**فازڵ قەرەداغی**

# ئەوەی کات دەباتە سەرو هیچ ناکات لاو نییە

**ئامادەکردنی: رۆژنامەی خورماڵ**



**–بەرهەمەکانی کاك فازڵ فیکری و سیاسی و مێژوویین، کێشەی گەنجیش لەو بەرهەمانە بزرە، بەڵام دوابەرهەمی ئەو رۆمانی (یەکانەی پیرۆز) تارمایی گەنجان و کێشەکانیان تێدا دەبینرێ.. دەتوانین بپرسین چۆن و لەبەرچی؟**

–رێگەم بدە بە دوورودرێژی باسی بکەم چونکە ئەمە بە دوو رستە تەواو نابێ. رۆمانەکە چەند تەوەرێکە، تەوەرێکی سەرەکی بریتییە لە (مرۆڤە پیرۆزەکان) یان راستتر ئەوانەی خۆیان بە پیرۆز داناوە تا ئاستی بە خوداوەند بوون، زیاتریش مەبەست لە سەرکردەکانە لە سەددامەوە بۆ ئەوانەی وێنەیەکن لەو، وێنەیەکی بچووك یان گەورە. لێرەوە کێشەیەکی لاوان دەست پێدەکات: پێگەی لاو لەناو وڵاتێکدا چییە گەورەکانی خۆیان بە بوونەوەرێکی پیرۆز دەزانن؟ رۆمانەکە دوو ئاستە: ئەمڕۆی کوردستان و عیراق، لەگەڵ ئاستێکی مێژوویی کە دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ٣٨٠٠ ساڵ لەمەوبەر. ئەوەی ئەو دوو ئاستە پێکەوە گرێدەدات لاوێکە، لاوێکە ناوی نییە، بەڵام دەزانین سەر بە رەوتی ئیسلامییە. ئەو لاوە دەرك بە لاوازیی شارەکەی دەکات کە ناوم ناوە (شیرینئاوا) و مەبەست لێی کوردستانە. شارێکە بەرامبەر دەوروبەری لاوازە، بەڵام حەوت گەورەی هەیە کە شارەکەیان کردۆتەوە خانەی فەوزاو وێرانە.

**–مەبەستت لە حەوتی گەورە دوو حزبی دەسەڵاتدار بە تەنیا یان حزبی تریش؟**

–نەخێر تەنها ئەو دوو حزبە دەستکاریی ژمارەکەشم کردووە بۆ مەبەستێکی هونەری. ئەو لاوە هەست بە لاوازی برادەرانیشی دەکات، واتە ئەو رەوتە ئیسلامییەی کە تەنانەت ناتوانێ بگاتە ئاستی هێزی حەوتی گەورە کە دەردەکەوێ تەنها بۆ خەڵکی شارەکە گەورەن. لاوەکە هەست بە بێهێزیی خۆشی دەکات. ئەمە لاوێکە هەموو ئەو شتانە دەبینێ و لەهەمان کاتدا لاو لەناو شارەکەدا نابینێ. دەبینێ لاون بەڵام دەزانێ یان هەست دەکات لاو نین. لاوەکانی شارەکە هێشتا لەدایك نەبوون، بەڵام شارەکە پیرە. ئایا ئەمە حاڵی کوردستان و لاوەکانی نییە؟ هەر لەو شارەدا لاوێکی تر دەبینین، لاوێکی پڕ وزەو گاڵتەجاڕی، تەنانەت بە فەیلەسووفی تاك و بلیمەتی شارەکە دەناسرێ، بەشێکی لە شەڕی ناوخۆی نێوان حەوتی گەورەی شارەکە لەرێگەی ئەو لاوەو تەعلیقەکانییەوە دەزانین، بەڵام دوایی دەزانین ئەو بلیمەتە تەنها وهمێك بوو خەڵکی شارە لاوازەکە وەك دەیان وەهمی تر بۆ خۆیان دروست کردووە. لە ئاستە مێژووییەکەش دوو لاوی تر دەبینین. شاعیرێکی گەورەی شاری (ئور) کە گیانێکی پڕ بزێوی و گاڵتەجاڕیی هەیە، لاوێکە گاڵتە بە خوداوەندەکانی شارەکەو بە پیرۆزییەکان دەکات بەڵام لەهەمان کاتدا نموونەیە لەسەر هەوڵی دەستکەوتنی سامان و ناوبانگ، بەرامبەر بەویش لاوێکی تر هەیە ئەویش خۆشەویست (مەبەستم لێی ئیبراهیمی پێغەمبەرە) کە راستگۆیانە بەدوای راستیدا دەگەڕێ و لەکۆتاییدا لەپیناوی ئەو راستییانە بتەکانی شارەکە دەشکێنێ و خۆی دەکاتە دوژمنی هەموو گەل. لاوێکی تر هەیە کە لە یەکەم فەسڵدا دەردەکەوێ بەڵام دواتر کەمتر دەبینرێ، سەرەتا منداڵە باوکی ناوی نابوو (کاوەی بچووك) تا رۆژێك گەورە ببێ و ئیشی کاوەی یەکەم دووبارە بکاتەوە (ئەویش لەناوبردنی سەددامە کە ناوم ناوە شاخان) بەڵام شیرینئاوا رزگاری دەبێ و دواتر دەزانرێ کە پێویستە ئەو ئیشە بکرێ کە کاوەی یەکەم نەیکردبوو، ئەویش بینای وڵاتێکی ئاوەدانی پڕ دادپەروەری.. تاد، ئەوەش ئەو ئیشەیە کە ناکرێ، بۆیە کاوەی بچووك کۆچ دەکات بۆ هەندەران و شارەکە بۆ حەوتی

گەورەو پیاوەکانیان و خزمەکانیان جێدەهێڵێ بۆ ئەوەی تا سکدڕان لێی بخۆن. ئەوەشی تراجیدیای لاوانی شارەکە واتە کوردستان بەرجەستە دەکات ئەوەیە لاوەکان ئاواتەکانیان لەڕێگەی کۆچەوە دەبینن، کۆچ بۆ ئەو وڵاتانەی ناتوانن ببنە بەشێك لە کۆمەڵگەکەی و بەمجۆرە دەبنە دوو کەرتەوە. (کاوەی بچووك) قەت گەورە نابێ و لەجیاتی ئەوەی ناوەکەی ببێتە کاوەو تەنیا کاوە ناوەکە بۆ (ناکام) دەگۆڕێ باوکیشی دەڵێ حەوتی گەورە کاوەیان کوشت. خۆشەویستی لاو (واتە ئیبراهیم) پاش ئەوەی بەرەوڕووی هەموو کۆمەڵگە بووەوەو پاش ئەوەی هەوڵی سووتاندنی سەرینەگرت کۆچی کرد بۆ شوێنی ترو سەرەتایەکی نوێی دەستپێکرد. لەو لاوەشەوە دواتر دوو نەتەوە پەیدا دەبن: ئیسحاقییەکان و ئیسماعیلییەکان (واتە جوولەکەو عەرەب) کە گۆڕانکاری نەك تەنها بەسەر ناوچەکەدا دەهێنن بەڵکو جێپەنجەیان بەسەر هەموو جیهاندا دیار دەبێ (ئەمەش یەکێکە لە بەشەکانی ڕۆمانێکی تری خۆم، ئەمجارە تایبەت بە نەتەوەی پیرۆزو نازانم کەی بۆم دەکرێ دەستی پێبکەم) کەچی لاوی بەدبەختی شیرینئاوا هەست ناکات خۆی خاوەنی شارەکەیە چونکە حەوتی گەورە کە گەیشتوونەتە ئەوەی ببنە گوێرەکەی پیرۆز (بۆشیان نالوێ وەکو سەددام ببنە یەکانەیەکی پیرۆز) شارەکە بۆ خۆیان و پیاوانیان و خزمانیان قۆرخ کردووە، ئەو لاوانەی شیرینئاوا بێگومان لە هەندەرانیش خۆیان بە خاوەنی ئەو وڵاتە هەندەرانییە نازانن. لاوەکان نەك تەنها ناتوانن سەرەتایەکی نوێ دەستپێ بکەن بەڵکو تەنانەت بوونی ئێستاشیان جێگەی گومانە. لەدوا فەسڵی ڕۆمانەکەش ئەو لاوە بێ ناوەی هەست بە لاوازیی شارەکەی و برادەرانی و خۆی دەکات لاوەکان دەبینێ بەسەر شەقامەکان پاش کەوتنی شاخان (سەددام) بە کەیف و پێکەنینەوە دەگەڕێن بەڵام لەناویاندا لاوێك نابینێ تا دەگاتەوە ماڵەوەو لە هەواڵەکان دەبیستێ لاوەکانی دوو گەڕەکی شارەکە نیازی خۆپیشاندانیانە بۆیە سەری دەسوڕمێ بەڵام بڕیار دەدات بچێتە ریزیانەوەوببێتەوە بە لاو ئیتر گرنگ نییە بیروباوەڕەکانیان چییە، گرنگ ئەوەیە لاون و دەنگی نارەزایی بەرامبەر حەوتی گەورە بەرز دەکەنەوە. ڕاستە لە سفرەوە دەست پێدەکەن واتە دەیانەوێ ئیشی کاوەی یەکەم دووبارە بکەنەوە (واتە ستەم نەهێڵن) لەجیاتی ئەوەی ئیشی ئەو کاوەیە تەواو بکەن (واتە کۆمەڵگەیەکی نوێ بنیات بنێن) کە ئەمە ئیشە گرنگترەکەیە بەڵام ئەو بڕیار دەدات بچێتە ریزیانەوە چونکە لە وەستان و ئیفلیجی و وڕی باشترە.

**–ناونانی شارەکە بە شیرینئاوا پەیوەندیی بە گەنجەکانەوە هەیە؟**

–بڕیارە شیرینئاوا لە ناوی شیرینی چیرۆکی شیرین و فەرهادەوە هاتبێ بەڵام شیرینەکەی خۆمان ئافرەتێکی لاوی شۆخوشەنگی حەزلێکراو نییە بەڵام دایکێکی پەککەوتەی ئیفلیجە کە چاوەڕێی ڕزگارکەرەوەیە بەڵام حەوتی گەورە ئەو دایکە ئیفلیجتر دەکەن هەمووشیان دەڵێن ڕزگارکەرەوەین.

**–بەو شێوەیە دەتوانین بڵێین لاوەکان بەشێکی گەورەی ڕۆمانەکە داگیر دەکەن.**

–نەخێر، ئەمە تەنها تەوەرێکە، واقیعیش ئەوەیە کەسانی تر جگە لە لاوەکان هەن و ئەوانە کاریگەرترن. کێشەی لاوەکانی کوردستان و وڵاتانی تریش هەروا ئەوەیە لاوەکان لە پەراوێزدان. خەڵك وا دەزانن لاوێتی کەیف و خۆشی و ڕابواردنە، کارەساتیش لەوەدایە زۆر لە لاوەکان بڕوایان بەو وەهمە کردووە، بەڵام دەبینین لاوە بێ ناوەکە شتەکان وا نابینێ، ئەو دەڵێ: ((ئەوەی کات دەباتە سەرو هیچ ناکات لاو نییە، ئەوەی بێدەنگە لاو نییە)).

**–پێگەی ئازادی لە چارەسەری کێشەی گەنجان چییە؟**

–ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ تەفسیرکردنی ئازادی.

**–با لە لاوانی خوڕماڵ نزیکتری بکەینەوە: من لێرەدا هەست بە دیاردەیەك دەکەم ئەویش خراپ سوود وەرگرتنە لە ئازادی. بەڕای تۆ ئازادی مانای ئەوەیە لاو هەرچییەکی ویست ئەوە بکات؟ یان لاو باوەڕی بە هیچ شتێك نەبێ لەسەرووی خۆیەوە؟**

–من ناڵێم ئازادی ئەوە نییە حەزم لە چییە بیکەم لەبەرئەوەی پێویستە ڕەچاوی بەرامبەرەکەم بکەم. ئەمە وەڵامێکی کۆنە ئەگەرچی وەڵامێکی ڕاستە. ئەو وەڵامە بە کەڵکی ئێمە نایەت چونکە من و بەرامبەرەکەم لەناو یەك گێژاوداین. من نازانم



ZAGROS WEBSITE

بەرامبەرەکەم چیی دەوێ تا بزانم کامەیە سنووری ئازادییەکەم. ئێمە لەم وڵاتەدا بە پیرو گەنجەوە نازانین چیمان دەوێ. رەنگە پیرەکان بزانن، بۆ نموونە بڵێن دەمانەوێ بێوەی بژین بەڵام ئەمە دوایەمین شتە گەنج بیری لێبکاتەوە. ئەوەی باسی دەکەی لەبارەی گەنجەکانی خورماڵەوە لەهەموو شوێنێکدا هەیە. حەزم لە چی بێ بیکەمو ئەمە بە ئازادی بزانم نیشانەیە کە نەك تەنها نازانم ئازادی چییە بەڵکو نیشانەی ئەوەشە من نازانم چی بکەم، رەنگە نەشزانم حەزم لەچییە. یان باوەڕم بە هیچ شتێك نەبێ لەسەرووی خۆمەوەو ئەمە بە ئازادی بزانم نیشانەی ئەوەیە من جیاوازی نێوان خۆمو مێروولە نەزانم چونکە مێروولەش باوەڕی بە هیچ شتێك نییە لەسەرووی خۆیەوە، بەڵام جیهانی چواردەوری مێروولە لەوە گەورەترە کە مووی سەری بۆنی دەکات، گەورەیەو لەهەبوونی بێباکەو ئامادەیە بیفلیقێنێ. ئەو قسانە بۆ کەسانێك دەشێن کە دەیانەوێ تەنها بلەوەڕنو خۆیان لەپێناوی ئامانجێكو لە ململانە بدزنەوە، لەکۆتاییشدا ئەوانە دەیبەنەوە کە دەچنە ناو جەرگەی ململانەکەو ئامادەن قوربانی بدەن. ئەو کاتەش هەست بە ئازادی دەکەی کە خۆت بە ئامانجێکەوە ببەستیتەوەو خۆت بە کارکردن لەپێناویدا ببەستیتەوە. کرۆکی ئازادی لە پەیوەست بووندا دەردەکەوێ، مەبەستم لە پەیوەست بوون بە حزبێك یان کۆمەڵێکەوە نییە، بەڵکو پەیوەست بوون بە قەزییەكو کارکردن لەپێناویدا. ئەوەشی تایبەتە بە خورماڵەوە ئەوەیە ئەو شارۆچکەیە دوورە لە شارە گەورە پڕ بەتاڵیو خۆدەرخستنو خۆنواندنو رووکەشەکان، بۆیە پێویستە مێشکی لاوەکانی سافترو وریاتر بێو هەستی رەفزکردنی رووکەشو بەتاڵی بەهێزتر بێ. بەداخەوە لە تۆم بیست کە زۆر لاو هەن بۆ سەلماندنی ئازادییان پەنا بۆ مەشرووب دەبەن، بەڵام ئەمە ئازادییە بەرامبەر بە کێو بە چی؟ لاوەکە بەو کارە چەند هەنگاو چووە پێشەوە؟ دەترسم بڵێن لە رۆژئاوا نزیك دەبینەوە، بەڵام با ئەو گەنجانە بزانن کە لە رۆژئاوادا گاڵتە بەو کەسانە دەکرێ کە ئەو برە مەشرووبە بخواتەوە کە لێرەدا بە شانازییەوە دەخورێتەوەو ئەو کەسە بە مودمن دەناسرێ. لاوە چالاکەکانی رۆژئاوا ئازادیی خۆیان لەو کاتەدا دەبینن کە خەریکی چالاکییەکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی (سیاسی نەك حزبی)..تاد بن، بەکورتی لەو کاتەی لەناو کۆمەڵگەدا چالاك دەبن نەك لە کاتی پێشبڕکێی مەشرووبو تلیاكو شوێنکەوتنی کچانو ئەو جۆرە کارانەی بەڵگەن لەسەر تێنەگەشتن لە ئازادیو لە جیهان بەڵکو تێنەگەشتنیش لە ژیان.

**–هەنگاوی عەمەلی بۆ ئەمە چییە؟**

–لە رۆژئاوادا خەڵك زۆرن کە بە تەنیا لەڕێگەی نووسینەوە هەوڵی گۆڕانکاری دەدەن، بەڵام ئەو هەوڵانە زۆرتر لەڕێگەی کاری جەماعییەوە دەکرێ. ئەمە زیاتر لە ئەمەریکادا دەبینرێ. کاری جەماعی لە ئەمەریکادا گەیشتۆتە ئەوەی (لۆبی) واتە کۆمەڵەی فشاری بەهێز دروست بنو کار بکەنە سەر کۆنگرسو حکومەت. پێویستە لاوان بەهەمان شێوە لە چەند کۆمەڵێکدا کۆببنەوە، چەند کۆمەڵێکی دوور لە حزبەکانو هێزی خۆیان بسەلمێنن. سەرەتا دەسەڵات خێسە دەکات ئینجا رەنگە خەڵکیان لێ بگرێ بەڵام دەسەڵات چیی بۆ دەکرێ کاتێك دەبینێ لەجیاتی کۆمەڵێك دەیان کۆمەڵ دروست بوونو لەجیاتی دە ئەندام دەیان هەزار ئەندامیان هەبن، دەکرێ دەسەڵات هەموو ئەوانە بگرێ؟ من بۆ خورماڵ هەمان شت پێشنیار دەکەم. با پەنجا پەنجا کۆببنەوەو دە تا بیست کۆمەڵە دروست بکەنو هەر یەك ناوێك لەخۆی بنێ. با گوێش نەدەنە مۆڵەتی رەسمی چونکە ئیشی ئەو کۆمەڵانە پێویستی بە رەسمیەت نییە لەبەرئەوەی کۆمەڵە نین بەواتا یاساییەکەی بەڵکو کۆبوونەوەی چەند کەسێکی خاوەن بیروبۆچوونی نزیك لە یەکن. با لاوانیش ئەوە بزانن: ئەمە لە دەست شکانەوە دەچێ، ئەوە دەیباتەوە کە خۆڕاگر بێ. راستە بازووی دەسەڵات ئەستوورە، بەڵام لاوان دەتوانن بە دەیان بازووی لاواز ئەو دەستە تەختی مێزەکە بکەن. ئەو رۆژەش کە شارەکە پڕی بوو لە کۆمەڵەی لەو جۆرە دەسەڵات دەکەوێتە ژێر رەحمی لاوانو پاشان جەماوەر. دەسەڵات سوودی لە پەرتەوازەیی وەرگرتووە، وەڵامیش یەکگرتنە، ئەمەش نەك تەنها بۆ خورماڵ بەڵکو بۆ سەرانسەر کوردستان. خۆزگە ئەو پەیامو پێشنیارەم دەگەیشتە هەموو شوێنێکی کوردستان.

**–ئەی کاردانەوەی ئەو گەنجانەی سەر بە دەسەڵات چۆن دەبینی؟**



ZAGROS WEBSITE

–بەوانە دەڵێم پاشكۆ بوونتان بۆ دەسەڵات خیانەتە نەك تەنها لە قەزییەی گەنجان بەڵكو خیانەتە لە گەنجێتیی خۆتان، رۆژێكیش دێ لەو پاشكۆبوونە پەشیمان دەبنەوە، بەڵام كە پیر بوون‌و گەنجێتیتان لە دەست دا.

**–كەواتە باوەڕت بە پرۆژەكانی دەسەڵات بۆ گەنجان نییە؟**

–نەخێر. باوەڕك پێی هەر وەك باوەڕی نەخۆشە بە گۆڕهەڵكەن. هەموو پرۆژەی دەسەڵات بۆ لاوان ئەوەیە: چیتان داوە لە سەریەشە، بچن بۆ خۆتان رابوێرن.

**–ئەی پرۆژەكانی رێكخراوانی لاوان؟**

–ئەگەر سەر بە دەسەڵات بن ئەو كاتە شاگردی گۆڕهەڵكەنەكەن. ئەگەر سەربەخۆش بن پێویستە بیسەلمێنن چەند دەتوانن لە قیرەكە لابدەن. پاش هەموو شتێكیش رێكخراوی مۆڵەت پێدراو لە سكالاو عەریزە بەرزكردنەوە زیاتری پێ ناكرێ، خوا بكات هەڵە بم بەڵام هەر وای دەبینم. ئەوەی من بیری لێدەكەمەوە ژمارەیەكی زۆر گرووپی ناڕەسمیی هەر وەكو یانەكانی پێش شۆڕشی فەڕەنسی كە ئەو رووداوە گەورەیەیان تەقاندەوە كە كاری لەسەر هەموو رۆژئاواو بەشێكی جیهان كرد، ئەو وانانە پێویستن نەك هەڵقوڕاندنی مەشرووبی فەڕەنسی، بەڵام ئاشكرایە دەسەڵات دووەمیانی لا باشە، بەڵام بۆ لاوان‌و بۆ سەرجەم جەماوەرەكە یەكەمیان باشە، با ناوێكی لێ بنێن: با كاوەی ئاسنگەری ئەفسانەكەمان بیربكەوێتەوە كە تەنها نیوەی ئیشەكەی كرد ئەویش لابردنی ستەمكاری یەكەم‌و نیوەكەی تری جێهێشت، واتە نەهێشتنی ستەم بەتەواوەتی‌و بنیاتنانی كۆمەڵگەیەكی نوێ، كومەڵگەی بێ ئاغای هەمیشەیی، كومەڵگەی دەرفەتی كراوە بۆ هەموو كەسێك، كۆمەڵگەی كەرامەت، تا خۆمان بە خاوەنی وڵات بزانین نەك وڵات هی ئاغاكانی ناو كۆشك‌و خزمان‌و كاسەلێسانیان بێ، ئەو ئاغایانەی لەهەموو ساتێكدا ئامادەن ئەگەر بارودۆخی وڵات تێكچوو بۆ رۆژئاوا بفڕن‌و ئەو كاتە پێمان بڵێن: وڵات هی خۆتانە خۆتان دیفاعی لێبكەن. كەواتە با ناو لەو یانەو كۆمەڵانە بنێین: ((یانەكانی كاوەی لاو)). یان ((یانەكانی لاوان)) هەر كەسێكیش ناوێكی گونجاوتری هەیە با بیڵێ قبووڵمانە.

رۆژنامەی خورماڵ، ژمارە ١٨، ١-٧-٢٠٠٦، ل٤

ZAGROS WEBSITE